دەستی ڕاست بەشی چێشت پێ خواردنە!
دەستی چەپ پیشەی تارات گرتنە!!

ئێستا (چەپ) (ڕاستی) خستۆتە گۆڕێ
ئەشێ وەزیفەی دەستیش بگۆڕێ

ڕەحمەت لە گۆڕی (پیروەیسی خلك)(٢)
ئەڵێ: (مێ) (نێرە)و نێر مێنگەی شلك(٣)

ئەگەر ژێر کەوتەو، ئەگەر هارییە
ئەم کارەساتە لە بێ کارییە

پیاو بێ (سەرمایە) کوشتەی سەرمایە(٤)
(با) لەو کونەوە تا بێ سەرمایە

---

(٢) لای کاکەی فەللاح نووسراوە (پیرومیسی خەڵك).
(٣) لای کاکەی فەللاح نووسراوە (ئەڵێ مێ نێرە، ویزە مینگەی شلك).
(٤) لای کاکەی فەللاح نووسراوە (پیاوی سەرمایە).

(٦٢١)

لە شەڕی بەدكار پشت بە خوا بەستە
ئەوە مەبەستە، مەترسە، بەستە(١)

هەرچەند گفتوگۆت بۆ سەروپا بێ
كەس لێت ناگرێ كە دڵت پا بێ

دڵ پیس بە ئامشۆ (كەدەر) ئەبەستێ(٢)
هیچ دەربەست نییە كە دەر ئەبەستێ

بە ئیملای كۆنە (سڕ)و (سەر) بران
(سڕ)و (سەر) هەردوو پێكەوە بڕان

دەستت ببەستێ، دەستت ئەبەستی
بڵندی نەكەی ئەكەویە پەستی

لە ئێران جاران نەمام نەمام بوو
ئێستا سەربەرزیی نەمام تەمام بوو

لە داوی خوداو دەوڵەمەند گەڕێ
وشكو تەڕ جووتو ئاشی ئەگەڕێ

---

ژین، ژمارە: (٦٢١)، ١٩٤١/٣/١٣.

(١) لای كاكەی فەللاح نووسراوە (ئەوە مەبەستە، مەوەستە، هەستە).

(٢) بە ئامشۆ (لای پیرەمێرد)، لە هیچە (لای كاكەی فەللاح).

بەدخوویش خەیاڵی داوەتە زیان
ئەڵێ (غرقش کن ما هم در میان)(١)

دەستێ بۆ کەڵکی خەڵك درێژ نەبێ
یاخوا برینی قەت سارێژ نەبێ

ئەگەر پێش ئەوەی کە دەچیتە خاك
خاك بێ ئەبیتە مەردێکی بێ باك

---

ژین، ژمارە: (٦٢٤)، ١٩٤١/٤/١٧.

(١) واتە: نوقمی کەو ئێمەش تیا بین.

عادەتە وشك‌و تەڕ تێكەڵ كردن
گۆرانيييێكە بە كۆمەڵ مردن

سەد زينهار دۆستى بێ بايەخ مەگرە
تورك‌و دۆستى ئاوو ئاگرە!(٢)

(بسمارك) وتوويە (حەق هى غالبە)
لە سياسەتدا ئەمە قالبە

باوجود ئەمە پيشەى دنيايە
ديارە لاى خودا كە حەق بالايە

پياو ئاخربين بێو لە هۆشا وريا
بە گۆشەى تەنيا، نەك كوشتەى دنيا

وەتەن پەرومرم بە خوداى بێ باك
كوێرە چيت ئەوێ؟ چاوێكى ڕووناك

---

(٢) مەبەستى لەو كەسانە بوو كە دەستخەڕۆى توركان بوون‌و پاشان توركە كەمالييەكان كوردەكانيان بەو دەردە برد كە برديان.

بەلام كاكەى فەللاح وشەى (تورك)ى بە (توڕك) داناوەو لە پەراوێزيشدا بە (تووتڕك‌و دڕكەزى) لێك داوەتەوە، كە ديارە مەبەستى پيرەمێرد ئەمەيان نييە.

لە حیجاز ناوی نامووس (پەشە)یە
خاتوو ئایشێش لای ئێمە (وەشە)یە(٢)

پاروو گیرایە قورگ چاری ئاوە
ئاو لە بین گیرا کفنی جاوە

هیچ کەس لەپڕێ نەبووە بە کوڕێ
تا دەبێ بە پیاو سەد کفن ئەدڕێ

ئەوەی لەسەر کار پیاوی دانابێ
ئەبێ سەرکاری پیاوی دانا بێ

ئەگەر بپرسی دوژمن لاڵ ئەکەی
ئەگەر بترسی (عەدو) زاڵ ئەکەی(٣)

لێدە لە سەفی ڕەندان تێپەڕە
چارەی پێشکەوتن تەشقەڵەو گەڕە

---

[٢] پیرەمێرد لەم دێڕەدا مەبەستی لەوەیە کە لای ئێمە ژنان بە (کەر) ئەڵێن ئایشێ گوێ درێژ.

ئەو (وەشە)یەی کە بۆ کەر بەکاردەهێنرێ لە چاپەکەی کاکەی فەللاحدا بە (وەرشە) نووسراوە.

[٣] عەدو: مەبەست لە (عدو)ی عەرەبییە کە مانای دوژمنە بەڵام لە چاپی کاکەی فەللاحدا کراوە بە (دوژمن).

(٦٣٧)

لە (باحوورا)دا زۆر کەسمان پیشا
(گەلاوێژ) زوو کە، وەرە لە پێشا

خاوەن (گەلاوێژ) کەوتۆتە ناو تەم
وا چاکە ڕۆژێ بیبەینە سەر چەم

هیچ کەس نایەوێ کەس لیێی زیاتر بێ
هەر باوك ئەڵێ کوڕم چاکتر بێ

خورما گەنانەو گەرمەی گەرمایە
باقڵ گرانیش مەرگی لە دوایە

گرانی ئێمە هەر بە هەوەسە
کەس نیە بڵێ: ئیحتیکار بەسە

ئەڵێن نان و ماست ئەدەن بە پیران
دوای ئەوە دایان ئەهێڵنە بیران(١)

---

ژین، ژمارە: (٦٣٧)، ١٩٤١/٨/٧.

(١) ئەهێڵنە (لای پیرەمێرد) ئەهێڵنە (لای کاکەی فەللاح).

تێبینی: لە دێڕی یەکەمی ئەم پەندەدا (گەلاوێژ) بە مەبەستی (گەلاوێژ) کەوتنە.
لە دێڕی دووەمدا مەبەستی لە کۆڤاری (گەلاوێژ)ە.

(٦٣٩)

ترشیت خوارد، دانت ئالْ ئەبێتەوە
کە گریای چاوت کالْ ئەبێتەوە

ڕیس چەوتی بادەن ئەبێ بە خوری
فنگت تەڕ نەبێ ماسی ناگری

ناشی تەشوێی خۆی دەمەسوو دەکا
ڕیاکار مەدحی ڕووبەڕوو دەکا

دۆستت بەرەوڕوو قسەی ڕەق ئەکا
پاش ملە پیاوت لەسەر شەق ئەکا

ئەو کەسەی لەسەر سفرە دۆستتە
پاش ملە چاوی وا لە پۆستتە

ئەوانەی فێری درۆو غەیبەتن
ڕوویان مەدرێ شوومو نەگبەتن

پیاوی وام دیوە بۆ نانو کەباب
کەوتۆتە زەمی مامو خالْو باب

ئەمە شوورەیی‌و حەیا بردنە
چاری ئەمانە هەر دەرکردنە

(٦٥٨)

هەندێ تەبیعەت وەك دووكەڵ وایە
بە گەردو خوڵەو سەر لە هەوایە

هەندێ سەرگەردان وەك ئاو شەیدایە
بەردەڵ بەردییە، ڕوو لە بەغدایە

دەستەیێكی تر بە تەپو گڕە
پیاو دەسووتێنێ، زادەی ئاگرە

هەندێ وەك دایك دڵسۆزەو چاكە
ئەتگرێتە خۆی، وەك خاكی پاكە

بەڵام كە خاك بێ لە ڕێی ئینسانا
عادەتە هەرچی هەڵسا پێی پیا نا

پێسی زیندوانی بەسەرا ئەكرێ(١)
كە مردیشی ئەو لە باوەشت ئەگرێ

ئێستا ئەمەوێ تێبگەم ئەم چوارە
بۆ ڕۆژی ئەمڕۆ، كامیان بە كارە؟

---

ژین، ژمارە: (٦٥٨). ١٩٤٢/٢/١٩.

(١) پێس: مەبەستی لە پێستە.

ئەگینە (هیتلەر) یەك گیانی هەیە
چۆن ڕێی پشێوی جیهانی هەیە؟

خوێن ڕێژ (مەنفووری) هەموو دنیایە
ئەو (پەرستیدەی) ئەڵمانیایە

ئەم نەگبەتیە کە شانی گرتوون
کاتێک زانی هەموویان مردوون*

---

* ژین، ژمارە: (٦٧٧)، ١٩٤٢/٧/٣٠.

خـــوا ئەمانـــەتی دا بـــە کێـــوو گـــرد
هیچـــیان نەیانویســـت ئیبایـــان لێ کـــرد(١)

کەچـــی بنیـــادەم گرتیـــە ئەســـتۆی خـــۆی
وایزانـــی ســـووکێ ئـــەبێ بـــە مـــاڵ بـــۆی

ئێســـتا کـــە داوای لێ ئەکەنـــەوە
ملپێچـــی ئـــەکا بـــە شـــیوەنەوە

ناڵـــێ ئـــەم عـــومرە لام ئەمانەتـــە
دەســـت پیـــا گرتنـــی بـــۆم خیانەتـــە!

---

ژین، ژمارە: (٦٨٧)، ٢٧/١٠/١٩٤٢.

(١) ئیبایان لێ کرد: واتە تەبەڕایان لێ کرد، لێی دەرچوون، خۆیان نەکردە خاوەنی.

خۆ ئەگەر بڕوات ببێ خوا هەیە
لە خوا دابڕانت دەردێکی کەیە

کەوابێ بۆچی بە قینەبەری
خۆت لە لوتفی خوا ئەگەی بێ بەری

ئیمان دوو بەشە، بەشێکیان سەبرە
ئەو بەشەکەی تر شوکرانەی قەدرە*

* ژین، ژمارە: (٦٨٩)، ١٩٤٢/١١/١٢.

(٧١٥)

سەیری نادان کە، خەم ئەڕەوێنیٚ
(تەرسەقول) زانی چاو ئەشکێنیٚ

(مێباز) بە ئازا ناوی ئەبریٚ
ژن لێی دەرکەویٚ، شاربەدەر ئەکریٚ

(زەروو) خوێنی پیس لە لەش ئەمژیٚ
(ئەسپیٚ) بە میکرۆب ئینسان ئەکوژیٚ

(گوێز) بەو بەرزییە بەری وا وردە(١)
تەرزێکی (شووتی) بەشی دوو گردە

(وەلەک)یٚ پەنجا (وشتر) یەخ ئەدا
(گوللە)ییێك، ئاگر لەویش بەرئەدا

بە تاییٚ، شاییٚ تەختی تەختی ئەبیٚ
یەکیٚ بە ئەسپیٚ خاوەند بەخت ئەبیٚ(٢)

---

ژین، ژمارە: (٧١٥)، ١٩٤٣/٧/٢٢.

(١) گوێز بەو بەرزییە (لای پیرەمێرد)، گوێز بەو زلییە (لای کاکەی فەللاح).

(٢) مەبەست لە خاوەن ئەسپی ڕەسەنە، بە تایبەتی ئەوانەی لە ڕایسزدا گرەوەی لەسەر دەکەن.

(٧١٦)

سپلە شەربەتی گیانی دەرخوارد دەی
ڕۆژێ نەتدایێ، ئەڵێ (بڕۆ دەی)

سەگ پاررووە نانێ لە تۆ ببینێ(١)
شوێنت دەکەوێ بۆ هەموو شوێنێ

هونەر لای پیاوی (نەوسن) نابینی
(تەن پەروەر) هەڵدێ کە گەییە تینی

زەوی لە ئاسمان هەر بۆی دەبارێ
لە زەویش بۆ ئەو، تۆزو غوبارێ

کەوابوو ئەبێ پایەبڵندان
پارە ببەخشن بە مستەمەندان(٢)

خوا چاوی لییە، عەیبت ئەپۆشێ
هاوسێ بۆ عەیبت، لە غەیب ئەکۆشێ

خراپە بکە لەگەڵ پیاوی چاک
بەلام مەرحەبا مەکە لە ناپاک

---

ژین، ژمارە: (٧١٦)، ١٩٤٣/٧/٢٩.

[١] ببینێ (لای پیرەمێرد)، بسێنێ (لای کاکەی فەللاح).

[٢] مستەمەند: ئەو کەسەیە کە پێویستی بە یارمەتی هەیە.

(٧٣٤)

دەم مـــــەنێ بـــــەدەم (قلیـــــانی) خـــــواوە(١)
کـــــە بلێیســـــەی بەســـــت هێلکـــــت بـــــڕاوە

لـــــە کـــــاری خـــــودا ورد مەبـــــەرەوە
ســـــەر شـــــۆڕکەو، بـــــڕۆ، لـــــەدووی کـــــەرەوە

ئەگینـــــە هـــــەر تـــــۆ (ســـــوخرە) کـــــێش ئـــــەبی
بـــــە کـــــاری (بێگـــــار) ناوکەڕێـــــژ ئـــــەبی

ئەگـــــەر بلێـــــی مـــــن هونـــــەر ئـــــەنوێنم
بـــــە کـــــارزانی خـــــۆم (مەســـــنەت) ئەســـــێنم

لـــــە ڕەزاقـــــی خـــــوا ئەکەویـــــە ئینکـــــار
ئەوســـــا ئـــــەویش تـــــۆ ئەخاتـــــە ژێـــــر بـــــار

(هـــــارون الرشـــــید) کاتـــــێ میســـــری گـــــرت
وتـــــی: بـــــەم مولکـــــە (فیرعـــــەون) خـــــوایی کـــــرد

لـــــە ڤینـــــا دایـــــە دەســـــت (قولـــــەڕەش)ێ
ســـــەیرکەن خـــــوا مـــــولکی خـــــۆی چـــــۆن ئەبەخشـــــێ

---

ژین، ژمارە: (٧٣٤)، ٢٠/کانوونی دووەمی/١٩٤٤.

(١) ئەم پەندانە بە ناوی (حوسەین مەیارە)وە بڵاو کراونەتەوە.

بۆ هەموو کەسێك هەر سەیرانێکە
تێکرا پێنج یاپراخ لەگەڵ نانێکە

چایش ئەخۆنەوە بە هەڵپەڕکێوە
چۆپی کیژانیش ئەبەین بە ڕێوە

خوا ئەمساڵ گەورەی چاکی داوینێ(٢)
قەوم بە قدوومی ئەو خێر دەبینێ

(٢) مەبەستی ئەومیە لەو سەردەمەدا (بهاءالدین نوری) بووە بە موتەسەڕیفی سلێمانی کە هاوڕێی پیرەمێرد بووەو ئەدیبیش بووە.

(٧٣٩)

کیسەی باخەڵتو کاسەی هەژاران
خاڵی کەو پڕکە ئەبی بە یاران

دوو ڕێت لە پێشە لە (گردی سەیوان)
هەواری ئەمان، هەواری ئامان

وەك خاك بە (فیض)بە، بۆ هاوجنسی خۆت
خاکیش ئەبێتە دایکی دڵسۆز بۆت

ئەوەی ماڵ لە خەڵك بە زۆر ئەسێنێ
(گۆڕەوشار) هەمووی لە زك دەردێنێ(١)

(جۆ) بۆ فەقیر دێت، ئەیدزن ئەیبەن(٢)
گۆڕ وایە وەك کەر، کلکو گوێیان کەن

ئەوانەی (کووتاڵ) لە خەڵك ئەگۆڕن
بێ بەرگو کفن شایستەی گۆڕن

---

ژین، ژمارە: (٧٣٩)، ١٨/نیسان/١٩٤٤.

(١) لە زك (لای پیرەمێرد)، لە ڤنگ (لە چاپەکەی کاکەی فەللاحدا).

(٢) مەبەستی لە سەردەمی تەموینە کە لە سەردەمی شەڕی دووەمی جیهاندا شەکرو چاو دانەویڵەو قوماش بە بیتاقە بوو.

منیش بەوانەی کە (کۆبۆن) ئەکرن(١)
ئەڵێم: لقی ژێر خۆتان ئەبڕن!

میللەت دارێکە کە سێبەرداره
چۆن لقو پۆپی ئەشکێ ئەو داره؟

دەستی داد زۆریان ئەخاتە خوارێ
کەچی عار نانێن بە کەوتنی جارێ

وا چاکە بە داخ نیشانەیان کەن
کە عاریان نەنا، ڕەوانەیان کەن

---

ژین، ژمارە: (٧٤١)، ١٩٤٤/٥/١١.

(١) کۆبۆن: بەتاقەی سەردەمی تەموین، کە ڕژێمێکی ئابووری بوو لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانیدا پەیڕەو ئەکرا.

پیرەمێرد ئەم پەندەی بە ناونیشانی (باڵۆرە)وە بڵاو کردۆتەوە.

(جام) ئەڵێ: بشکێم، بەڵام نەزڕێم
چاکەو خراپە دێنەوە سەر ڕێم

خوا ڕێی ڕاستان لە کەس نەگۆڕێ
(بارام) بۆ گوورێ خۆی خستە گۆڕێ(١)

میوەی کاڵ ژانی زگی لە دوایە
وەك دووگی چەوری سەر (تەڵە) وایە

---

ژین، ژمارە: (٧٨٠)، ڕۆژی ٣٠ی/ ئازاری/١٩٤٥.

[1] لە پەندەکانی (کاکەی فەللاح)دا (بارام بۆ گۆڕی خۆی خستە گۆڕی).
بەڵام ڕاستەکەی (بارام بۆ گوورێ......)یە، بارامی گوور مەشهوورە.

**(٧٩٩)**

**ئەوە کێیە وا کەوا خشەی دێ**
**مام ڕەمەزانە، دیارە مشەی دێ!**

**وا بە گوردە گورد مام ڕەمەزان هات**
**پەیکەری (پۆکەر) بڕەوی داهات**

**هەرچەند پۆکەرچی کۆن زۆریان دەرچوون**
**تازە پێگەیوان وا لە ڕست بەربوون**

**یەکێکیان تیایە ئاگری بن کایە**
**کە شێخو مەلایش دێنێتە کایە**

**دووەمیان قوتەی مل نێرکە کاردوو**
**سەر مارمێلکەو پشت پووچی ماردوو**

**کەس نەکەوێتە داوی ئەوانە**
**بێ (ڕێست) لە ڕەشی ئەکوژن ئەو دوانە(١)**

**ئەوانەی بە ڕاست ڕۆژوو ئەگرن**
**هەڵدەگرێ بڵێین: بە باڵ ئەفڕن**

---

ژین، ژمارە: (٧٩٩). ڕۆژی ١٩٤٥/٨/١٦.

(١) ڕێست: زاراوەیەکە لە یاری پۆکەردا بەکاردێت.

(٨٠٠)

جیهان پڕ فتووح مانگ هێند موبارەك
تەنها من ماوم بەبێ تەدارەك

شاربازێڕ چەمی سیوەیل‌و ئاڵەك
تووتنەو تۆوی بڕاوە کاڵەك

وەك زاری قەندە عەیشمان تاڵ بوو
پیرەمێرد لە شوێن شووتی عەوداڵ بوو

بەو عەوداڵییە چووە (عەوداڵان)
بووبوو بە شووتی کەللەی هنداڵان

تووکەی سمێڵی دێت پیرەکەی (موغاغ)
کۆگای بانقەنۆت بۆی بوو بە وەتراغ

یاخوا ئەوانەی سەوزەیان لەناو برد
پارەی تووتنیان بۆ (کەللەچی) برد(١)

---

ژین، ژمارە: (٨٠٠)، ٢٣/ئابی/١٩٤٥.

(١) لە (ژین)دا نووسراوە (کەللەچی) بەڵام لە چاپەکەی کاکەی فەللاحدا نووسراوە (خراپ).

## (٨٠٢)

ڕۆژوو بەسەرچوو سبەینێ جەژنە
ئینجا تەقەللا بۆ بالاو بەژنە

بۆ دەستدارەکان قوماشی مومتاز
ئەکرێ بە (کۆستۆم) ئەیپۆشن بە ناز

وای پێوە ئەڕۆن دەقی ناشکێنن
لەپێش چاوی خەڵك خۆیان ئەنوێنن

خۆزگە تیژیی چاو (ڕۆنتکن) بوایە(١)
ئەیبینی ژێر جل چەند لەکەی تیایە

هونەر ئەوەتە ژێر بەرگ پاك بێ
سەر بەرگ چاوبەستە، کردەوەت چاك بێ

تانوپۆی بەرگت کە جەورو زۆر بێ
ئەیکا بە دەردێك ئاڵۆشی زۆر بێ

درۆیێکیان کرد پاش شەڕی جیهان
عالەم ئەسرەوێ ئەمینو ئەمان

---

ژین، ژمارە: (٨٠٢)، ٦ی/ئەیلوولی/١٩٤٥.

(١) مەبەست لە ئەشیعەی (رونتکنە).

(سەعدی) فەرموویە کە زەڕخریدە
نەتلاواندەوە بۆت بە تەریدە

ئەگەر ڕووخۆشی بێگانە دۆستە(١)
ئەم ڕاوە ڕێویە بۆ کەوڵو پۆستە

بەڵام دنیایە بێ گەردش نابێ
هەروا ڕۆییوەو هەر ئەبێ وابێ

ژین، ژمارە: (٨٠٣)، ٢٠ی/ئەیلوولی/١٩٤٥.

[١] ئەم دێڕە لای کاکەی فەللاح نییە.

(٨٠٥)

بـرا! منو تۆ تۆوی خاکێکین
چەکەرەی تازەی ژێر خاشاکێکین

هێشتا هەوایێ نەش‌و نمایێ
نەکەوتۆتە کار بۆمان لەلایێ

بەرگەی بایەکی موخالیف ناگرین
کەچی بۆ حاڵی یەکتری ناگرین

ئەوەی دیواری خۆی بن کەند دەکا(١)
پەردەی نامێنێ خۆی بە پەند دەکا

هەر قینت هەڵسێ‌و دەست بدەیتە دار
بەندی جەرگیشت لێت ئەبێ بێزار(٢)

خەلیفە قادر فەرموویە یابە
لەگەڵ زەمانا بە مودارا بە

(سەعدی) فەرموویە بەڕاستی پەندە
(لوتف، بێگانە ئەکا بە بەندە)

---

ژین، ژمارە: (٨٠٥)، ٤ی/تشرینی یەکەمی ساڵی/١٩٤٥.

(١) خۆی (لای پیرەمێرد)، خەڵکی (لای کاکەی فەللاح).

(٢) لێت ئەبێ بێزار (لای پیرەمێرد)، لێت بێ بەزار (لای کاکەی فەللاح).

